# ژیـــان
# بەر لە ئەنفال و دوای ئەنفال

ئا : عەرعەر



کارەساتی ئەنفال دەکریٚ لەزۆر رووەوە شرۆڤەی بۆبکریٚت لەبەرئەوەی ئاسەوارە نیٚگەتیڤەکانی ئەنفال لەسەر کەس وکاری قوربانیان ئاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادبوندایە بەتایبەت لایەنی ژیان و گوزەرانیان .کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال سەرەڕایی بەتالاٚن بردنی مالٚ وسەروەت وسامانیان لەلایەن ڕژیٚمی رووخاوی بەعسەوە بەلاٚم تائیٚستا حکومەتی عیٚراق نەیتوانیوە قەرەبوویان بۆبکاتەوە وەحکومەتی هەریٚمی کوردستانیش بەپیٚی پیٚویست ئاوری لیٚیان نەداوەتەوە.

بۆئەوەیی کەمیٚك لەگەلٚ کەس وکاری قوربانیانی ئەنفالدا بژین و گویٚ لەنەهامەتیەکانیان بگرین لەکاتی ئەجامدانی پرۆسەکەو باروگوزەرانیان لەپیٚش پرۆسەو پاش پرۆسەوە تاوەکو ئیٚستا چۆن بووە چەند پرسیاریٚك دەکەینە سەرەتایی گفتوگۆمان

لەگەڵ ئەوانەی بەوتەی خۆیان ئەنفالی دووەمن لەپاش پرۆسەی ئەنفال ئێمەش چەند کەسێکمان دواندو پرسیمان. باروگوزەرانتان لەپێش پرۆەی ئەنفال چۆن بوو ؟وەسەرچاوەی بژێوی ژایانتان چی بوو؟ لەکاتی پرۆسەکەدا ئێوە چیتان بەسەرهات و بەرەو کوێ چوون ؟چۆن ژیانی خۆتان بەڕێ کرد لەپاش پرۆسەی ئەنفال ؟ئیستا گوزەرانتان چۆنە ؟ تاچەند لە حکومەتی هەریم رازین و ئاوڕی لێداونەتەوە ؟

جەیران وەهاب حەکیم خەڵکی گوندی ئاوباریك سەر بە ناحیەیی قادرکەرەم دەڵێ جگە لەمێردەکەم چوار براو دووخوشکم بەمندالەوە ئەنفالەوە بارو گوزەرانی ئێمە لەپێش پرۆسەی ئەنفال زۆر خۆشتر بوو لە ئێستا هەرچەندە ئەوکاتە زۆر هەوڵمان دەداو لەدەشت بووین لەئێستا گەلێك خۆشتر بوو ئەوکاتەی لەگوندەکەی خۆمان بووین خاوەنی زەوی و زەرعاتی خۆمان بووین وە بەپێیی پێداویستی خۆمان ئاژەڵمان بەخێودەکرد و ژیانمان بەخۆشی دەگوزەراند بەلاّم جاربەجاریش هێزەکانی رژێم بۆردومانی گوندەکەمانی دەکرد جونکە پێشمەرگە دەهاتنە گوندەکەی ئێمەو حکومەتیش تۆپبارانی دەکردین. لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا ئێمەیان لەکوندەگەی خۆمان دەرکرد وبەرەو ناحییەی قادرکەرەم بەرێ کەوتین وەلەرێگا شەومان بەسەرهات ئەو خەڵکە هەمووی بەگریان و شیوەن کردن گەیشتینە قادرکەرەم کاتێ گەیشتینە ئەوی بینیمان خەلکێکی زۆر لەوێ کۆکراوەتەوەو هەموئەوانەی لەگوندەکانی تردابوون لەناو ناحیەکەدا هەموومانیان کۆکردەوە و دواتر پیاوەکانیان لەئێمەجیاکرەوە و ئیتر لەو کاتەوە خەبەری ئەوانمان نەزانی دواتر ئێمە بەرەوچەمچەماڵ رەوانەکراین بۆناحیەی شۆرش، ژیانی دۆزەخی ئێمە لەو کاتەوە دەستی پێکرد ئیتر لەو رۆژەوە تائیستا ژیانیکی زۆر زەحمەت بەرێ دەکەین من هەرخۆم هەوڵم داوەو منداڵەکانی خۆمم بەخێوکردووە هەوڵم داوە تاوەکو ئیستا بەلاّم چەند مانگێك لەمەوبەر کچێکم بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.

جەیران خان بەهەناسەیەکی قوڵەوە باسی لەنەخۆشی کچەکەی دەکردو باسی ئازارەکانی دەکردو ئەو وتی: چەندین جار بردمە لایی دکتۆر بەلاّم ئەوان پێیان وتم چارەسەری تەنیا لەدەرەوە هەیە و ئێمە ناتوانین چارەسەری بکەین وەچەندین جاریش سەردانی د.محمد خۆشناوم کردوو کچەکەم بردە لای لەنەخۆشخانەی شۆرش کە ئەو ئەوکاتە وەزیری تەندروستی بوو بەلاّم ئەو ئامادەنەبوو یارمەتیم بدات بۆ ناردنە دەرەوەی کچەکەم بۆ دەرەوەی ولاّت تادەهات نەخۆشی کچەکەم بەرەو خراپ بوون

دەچوو تاوایی لێهات کچەکەم لەچەند مانگی رابردودا کۆچی دوایی کرد، وەئیستا گوزەرانمان لەچاو چەند ساڵی رابردوودا باشترە بەلام بەگوێرەی پێویست نیە بۆیە داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر ئاوڕ لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکان بداتەوە و جیگەی نیشتەجێبوونمان بۆ دابین بکات.

نەهیە حەسن شەریف کە خەڵکی گوندی قەڵامکائیلە و مێردەکەی ئەنفالە دەربارەی باروگوزەرانی خۆیان ووتی لەپێش پرۆسەی ئەنفال ئێمە ماڵمان لەدەشت بوو بەکشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە خەریك بووین مێردەکەم ئەنجومەنی گوندەکە بوو ئەوەیی لەساڵێکدا دەستمان دەکەوت لەبەرووبومی ئاژەڵ وئەو زەرعاتەی کەدەمانکرد بەتەواوی بەشمانی دەکرد و پێویستمان بەهیچ نەبوو سەرچاوەی ژیانی خۆمان بەرەنجی خۆمان پەیدادەکرد و گەلێکیش بەو ژیانە خۆشحاڵ بووین وە لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا حکومەت هات بەجێش و جاش دەوری گوندەکەی ئێمەی گرت وە هەمووومان لەترسی گیانی خۆمان بەمنداڵەوە گوندەکەمان چۆل کرد وەپیاوەکانیش بەجیا بەرە و دەشتەکە هەڵهاتن دواتر حکومەت بڕیاری لێبوردنی بۆ پیاوەکان دەرکرد کەبگەرێنەوە بۆ ناو ناحیەکە کەگەرانەوە هەموویان دەسگیرکران و بارکران وبران ئیتر لەورۆژەوە نەمانزانی ئەوان چیان لێ بەسەرهات وە ئیمەشیان رەوانەی چەمچەماڵ کرد وەهیچ شتێکمان بۆدەرنەچوو تەنیا ئەوەنەی کەخۆمان ئیدارایی پێبکەین لەجل وبەرك و ماڵ زیاتر هیچمان نەما نەمانزانی جێش بردی جاش بردی ئاگامان لێی نەما لەوکاتەوە میردەکەم ئەنفال بووە خۆم بەڕنجی شان ئەم منداڵانەم بەخێوکردوە بە درەوکردن ودەسکەنەی نۆك بەیانی تائیوارە هەوڵمداوە بۆ ئەوەی منداڵەکانم بەخێوکەم و نانی ژەمێکیان بۆ پەیدابکەم بەو رەزالەتە ئەو چەند ساڵەمان بەڕێ کرد گوزەرانمان زۆر خراپ بوو کەسێك نەبوو یارمەتیەکمان بکات ئەوەی خۆم پەیدام نەکردایە کەس یارمەتی نەئەدام وە ئیستاش کەمیك گوزەرانمان باش بووە موچەکەمان زیادی کردووە هەرچۆنێبی لەوچەند ساڵەی رابردوو ژیانمان باشترە هیوادارم حکومەتیش زیاتر ئاوڕمان لێبداتەوە وەئەو خانوانەی کەبڕیارە بۆکەس وکاری ئەنفال بیکات با هەمومان بگرێتەوە چونکە هەموومان وەکو یەك ژیانی ناخۆشمان بەڕێکردووە وە تەرمی ئەنفال کراوەمانیشمان بۆ بهێننەوە.

کاوەمستەفا علی کەباوکی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوە و لەدایکبووی ساڵێك بەر کارەساتەکەیە و ئێستا مامۆستایە باسی ژیانی خۆیانی کرد لەدوای کارەساتی ئەنفال و چۆنیەتی برینی قوناغەکانی خوێندنی و وتی راستە کارەساتی ئەنفال بوە هۆی

لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بیدیفاع و گەنج وپیرو ئافرەت ومندال وە بووە هۆی کارەساتیکی دەروونی گەورەش لەسەرئەوانەی لەدوای کارەساتەکە بەجێمان من کەخۆم باوکم ئەنفالە راستە وەکو جەستە ئەنفال نەکراوم بەلام لەرووی رووحیەوە خۆم بەئەنفال کراو دەزانم چونکە لەدوایی کارەساتەکە ئێمە لەکۆمەلگایەکی زۆرە ملیٚ دا نیشتەجیٚ کراین کەهیچ جۆرە پیداویستەکی سەرەتایی رۆژانەی خەلکی تێدا بۆ ئیمە فەراهەم نەکراوە وا بیست ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕیوە تائێستا ئاوی خواردنەوەمان بەرێکو پێکی بۆ تەرخان نەکراوە وەزۆربەی ئەوانەی لەدوایی کارەساتەکە بەجیٚ مان تووشی سەدان نەخۆشی جۆراو جۆر بوونە بەتایبەت نەخۆشیە دەروونیەکان کە ئیستا زۆربەیان پیوەی دەنالێنن . لەدوایی پرۆسە دایکم ئەرکی بەخێوکردنی ئێمەی گرتە ئەستۆ بەو هەموو نەهامەتیەیەی بەسەر ئێمەدا هاتووە بەخێومانی کردووە دایکم توانی دەوری باوکایەتیش بۆئێمە بگێری پێداویستیەکانی ئێمە پەیدابکا هەموو جۆرە ئیش و کارێکی بۆ ئێمە کردووە ژیانێکی زۆر زەحمەتمان بەریٚ کردوە ئەو کاتانە ئێمە لەقوتابخانە بووین قەلەمێکمان دەکرد بەسیٚ پارچەوە بۆ ئەوەی بەشی هەموومان بکات چونکە نەمان ئەتوانی یەکی قەڵەمێك بکڕین وە دەفتەری ساڵی رابردوومان دەسڕیەوە و بۆ سالێکی تر بەکارمان دەهێنایەوە ئابەم جۆرە لەدوایی پرۆسەی ئەنفال ئێمە ژیانمان گوزەراند بەیارمەتی خوا و هەوڵی دایکم توانیم خوێندن تەواو کەم ئیستا ژیانمان لەجاران باشتر بووە داواکارم لەحکومەت زیاتر ئاوڕ لەکەس وکاری ئەنفال بداتەوە خزمەتی زیاتریان پێش کەش بکات وە ئەو خانوانەی کەبۆ کەس وکاری ئەنفال دەیکات با بۆ هەمووی بێت چونکە هەندیکی وەری دەگریٚ و ئەوانی تر بێبەش دەبن.

پەخشان نوری محمد کەخاوەنی چوار منداڵەو خەڵکی گوندی مامشەیە ئەو کەدوو منداڵی بەهۆی نەبوونیەوە وازیان لەخوێندن هێناوە باسی لەوە کرد کەلەپێش پرۆسەی ئەنفال خاوەنی سەروەتو ماڵێکی زۆربونە بەڵام لەکاتی کارەساتی ئەنفالدا ماڵەکەیان هەمووی لەناوچوو وە باسیشی لەوەکرد لەدوایی کارەساتەکە پڕزەحمەت ناخۆشی بەسەربردووە ئەو وەکو خۆی دەیگێراوە دەیووت بۆ دابین کردنی ژەمێکی خواردن بۆ منداڵەکانم رۆژ هەتا ئێوارە بەدوایی ئیش وکاردا گەراوە وە بۆ نان پەیداکردن رووی لەکەرکوك وحەویجە کردووە وە هەر ئەم نەبوونیە وایی کرد کەدوو لەمنداڵەکانی واز لە خوێندن بهێنن وە دەڵی لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشییەی کەبەسەر ئێمەدا هاتووە تائێستاش حکومەتی هەرێم هیچ گرنکیەك بەکەسو کاری ئەنفالکراوەکان نادات و لێیان ناپرسێتەوە.